# پرۆژەی هاوکاری ماڵەکانی منداڵان

# یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن

**هەریەکە لە (رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان)و (بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی) لە پێناو بەرژەوەندی منداڵاندا ئەم یاداشتنی لێکتێگەیشتنە واژۆ دەکەن لە بواری پرۆژەی هاوکاری ماڵەکانی منداڵان، لەسەر بنەمای ئەم 20 خاڵەی لە خوارەوە ڕوونکراونەتەوە:**

تێبینی/ لە هەرشوێنێك ئەم وشانە بەکارهێنران ئەوە مەبەست ماناکانی بەرانبەریانە:

**رێکخراو: رێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان.**

**بەرێوەبەرایەتی: بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی.**

**بەرێوەبەرایەتی گشتی: بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی.**

1. رۆڵی سەرەکی رێکخراو لەم یاداشتی لێکتێگەیشتنەدا بریتییە لە بەهێزکردنی ئاستی چاودێری‌و پاراستنی مافی منداڵ لە رێگەی زیادکردنی کارمەند بە شێوەی گرێبەست بۆ ماڵەکانی منداڵان.

2. رۆڵی سەرەکی بەرێوەبەرایەتی سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی بریتییە لە (بەرێوەبردن، سەرپەرشتی‌و بەدواداچوون)ی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە.

3. رێکخراو هەڵدەستێت بە دابینکردنی مووچەی مانگانە بۆ ژمارەیەك کارمەند بۆ ماڵەکانی منداڵان (ساوایان، کوران، کچان) بە شێوەی گرێبەستی خێرخوازی بۆ ماوەی 8 مانگ بەمەبەستی پشتگیریی باشتر بەرێوەچوونی کاری ماڵەکان‌و باشتر پاراستنی مافەکانی منداڵ.

4. ژمارەو ناونیشانی ئەو کارمەندانەی دادەنرێن بە رێککەوتنی بەرپرسی خانەکانی منداڵان و بەرێوەبەرایەتی‌و رێکخراو دەبێت.

5. بەرێوەبەرایەتی هەڵدەستێت بە چاودێری دەوامی ئەو کارمەندانەی لەم پرۆژەیەدا هاوکاری وەردەگرن، ئەوەش لە رێگەی میکانیزمێکەوە کە رێکخراو پێی پەسەند بێت.

6. بۆ وەرگرتنی ئەو کارمەندانەی کە بەهۆی ئەم لێکتێگەیشتنەوە دادەمەزرێن لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بەمجۆرە:(بەڕێوەبەرایەتی گشتی/ سەرۆك، ڕێکخراو/ ئەندام، بەڕێوەبەرێتی/ ئەندام) پاشان ئەنجامەکان لەلایەن هەریەکە لە بەرێوەبەری گشتیو نوێنەری ڕاسپێردراوی ڕێکخراوەوە پەسەند دەکرێن.

7. ئەو کارمەندانەی لە ئێستەدا بەشێوەی گرێبەستی خێرخوازی کاردەکەنو خزمەتیماڵەکان دەکەن لە پێشترنو پێویستە لە پرۆژەکەدا بەردەوام دەبن، بەڵام پاش چوونە پرۆسەی چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ئەو لیژنەیەی لە خاڵی لە خاڵی (6)دا ئاماژەی پێدراوە لەسەر بنەمای ئەزموونو لێهاتوویيو شارەزایی.

8. هیچ کارمەندێك بۆی نییە هیچ جۆرە توندوتیژییەك بەکاربهێنێت بەرانبەر منداڵ، هەرکاتێك سنوربەزاندنێك لە بواری مافەکانی منداڵدا بەتایبەت لە ڕووی توندوتیژی دەروونیو جەستەیی، زارەکیو نازارەکی، ڕوویدا، ئەوسا بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتو سیاسەتی منداڵپارێز لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

9. بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هەر کارمەندێك پێویستە سەرەتا ڕەزامەندی هەریەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیو ڕێکخراو وەربگیرێت.

10. کاری خۆبەخشی پرەنسیپو بنەمایەکی مرۆیی جیهانییەو هەردوولای ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە ڕێزی لێدەگرنو خەڵك و بەتایبەت گەنجان هاندەدەن بۆ کاری خۆبەخشی، بەڵام لەکاتی جێ بەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا سنوردار‌بێتو تەنها لەو بوارانەدا بێت کە بە ستافە دامەزرێنراوەکان پڕ ناکرێتەوە.

11. بەڕێوەبەرایەتی باشتر کۆنترۆڵی سەردانە پێویستەکانی بەرپرسان یان دامەزراوەکان بکاتو هەوڵبدات لەکاتی دەوامی فەرمیدابێت بەجۆرێك منداڵو ماڵەکەی لە هەر دەرهاویشتەیەکی نەرێنی ماڵەکان پارێزراوبێت.

12. پێویستە کارمەندانو بەتایبەت بەرپرسی خانەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی میدیایی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکەن کە ڕێگە نادات منداڵ وەك کەرەستە بەکاربهێنرێت، بەتایبەت ڕێگە نادات منداڵ بەشێوەیەك بەشداری کارە میدیاییە فەرمیو نافەرمییەکان بکات کە لە ئێستەو ئایندەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونییەوە زیانی لێبکات.

13. ڕێکخراو مافی ئەوەی  هەیە بە میکانزیمێکی دیاریکراو دەرئەنجام (فیدباك)ی کاری کارمەندانی خانەکان بزانێتو چاودێریی مامەڵەی کارمەندانی ناو ماڵەکان بکات.

14. لە کاتی وەرگرتن‌و دابڕانی منداڵدا بۆچوون‌و پێشنیاری ڕێکخراو بە هەند وەردەگیرێت.

15. بە هەماهەنگی ڕێکخراوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی‌و بە پێی پێویست خول‌و ڕاهێنانی بەهێزکردن بۆ کارمەندانی ئاست نزم دەکرێتەوەو لەسەر بابەتە پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەکانی پەیوەست بە منداڵ ڕادەهێنرێن.

16. لە ماوەی ئەم لێکتێگەیشتنەدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی لەگەڵ هیچ ڕێکخراوو دامەزراوەیەکی تری نێوخۆیی‌و بیانی بواری منداڵ ناچێتە ڕێککەوتنەوە.

17. بەڕێوەبەرایەتی گشتی نرخاندنی تەواوی هەیە بۆ ئەم لێکتێگەیشتن (پرۆژە)یەو پێی وایە ڕێکخراو لە کاتێکی گونجاودا پشتگیرییەکی گونجاو پێشکەش بە منداڵان‌و ماڵەکانیان دەکات.

18. سەرجەمی بودجەی ئەم پرۆژەیە بریتیە لە ((84, 480,000 — هەشتاو چوار ملیۆن‌و چوارسەدو هەشتا هەزار دینار) کە لە لایەن ڕێکخراوەوە دابین دەکرێت‌و بەڕێوەبەرایەتی ڕێوشوێنی پێویست بۆ شێوازی خەرجی دەگرێتەبەر.

19. ئەم یاداشتە بۆ ماوەی (8) مانگە، لە (1ی 5ی 2017 بۆ 1ی 1ی 2018 )، هەروەها لێکتێگەیشتنەکە شایەنی درێژکردنەوەیە بە ڕەزامەندی هەردوولا.

20. هاوپێچە پێویستەکانی ئەم یاداشتە بریتین لە (یاساو ڕێنماییە بەرکارەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، سیاسەتی ڕێکخراو لە بواری پاراستنی منداڵ، سیاسەتی میدیایی بەرێوەبەرایەتی گشتی، خشتەی ئەو کارمەندانەی پێویستن بۆ کارکردن لە ماڵەکانی منداڵان).

**ـ کۆتایی ـ**

**نوعمان عبدالرحمن علی**

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

**عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی**

بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی‌و گەشەپێدانی

کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی

ـ ئەم یاداشتی لێکتێگەیشتنە لە ڕۆژی: 25 /4/ 2017 واژۆ کرا ـ